# نوزەی تەنیایی

ئێوارەیە و .. گریان سەری لـێداوم .. ئێوارەیە و بێ تۆیـی دەمگرێنـێ .. هەر چەند دەکەم رەنگت
ونە .. کەچی تۆ خۆت کچی پەلکەزێرینەی پاش بارانی .. هەزار رەنگی .. تۆش ئەی کچە
مەزنەکەی بەر دڵم .. گەر ئەمشەو بمتوانیایە تێرتێر بۆنی قاوەی سووتاوی ئەو لەشە ئەسمەرەتم
دەکرد .. لە کوێی .. دە تۆ لە کوێی؟ دە وەرە دیدەنی رمانی کێشوەری بوون و زاتم .. من کەی
هێزی ئەوەم هەیە دەنگ هەڵبڕم .. لەوەتەی تۆ روو لە مزگەوتی دڵە وێرانەکەم ناکەی ..
نوێژکەرێ رووی تێناکا .. ئەمشەو چ پەیکەرێکی خەم بۆ تۆ بتاشم .. چ وشەیەك: بدۆزمەوە: بۆن
کرووزی ئەم دەروونە سووتاوەمی لـێبێ؟!

روو لە کوێکەم ..؟ بۆ نازانی شەوانی زستان دەرگاکان خڕ دادەخرێن .. بەم رەشەبا و بەفر و
کرێوەیە چ پەنایەك دەمگرێتە خۆی ..؟ هۆ کچە غەمینەکەی بەر دڵم .. بۆ خەمی ئەم گەردوونە
پڕ لە گەردەلوولەیە ئەوەندە کەمە .. درەنگی ئێواران خەمی تۆ شەقامەکانی شارم بخەنە کۆڵا؟
.. شەوانە بە شەقامە و چۆل و تاریکەکانا دەگەڕێم و کەس نازانێ بۆ کێ دەگریم .. تۆ سێبەری و
قەت لە بالاّم نابیتەوە .. رەنگی چاومی و تا ئاوی بینابیم نەڕژێ .. ئەو رەنگە ناتوێتەوە .. تۆ
ئەو خەونە سەوزەبووی بەرەبەیانییەکی زووی بەهار بێدارت کردمەوە.. تۆ چ برینێکی قووڵا و
شیرینی .. نە سارێژ دەبی و نە دەمکوژی .. وەرەوە .. وەك شنەبایەکی نیوەڕۆی هاوینێکی قرچاو
بۆم هەڵبکا .. وەرەوە وەك بەهاری پار دڵگیرم بە .. چاوە غەمگین و تاریکەکانت شەوە رەشەکانی
گەنجیەتی خۆمم بیر دەخەنەوە .. چاوەکانت: خۆشم دەوێن .. بێ تۆ خەریکە وا دەمرم .. سەرە
مەرگمە .. تۆ چۆن دەتوانی لە سەرەمەرگی مندا نەگریت و .. وەك شێت سینە والاّ نەکەیت و
شەقامەکان لە کۆلاّ نەگری؟ شەوە و .. گوێم لەو گۆرانییە بریندارەیە کە تۆم بیر دەخاتەوە!

ئەگەر ئەمشەو چۆلەکەیەك بوومایە ..

دەهاتمە ژێر گوێسوانەی ماڵەکەتان ..

گەر پشیلەیەکی کز و برسی بوومایە ..

دەهاتمە نێو پێخەفە گەرمەکەت

ئەستێرەیەك ..

دادەڕژامە سەربانەکەت

گەر رووبارێکی سەرەڕۆ بوومایە..

لام دەکردەوە بۆ وشکایی دڵە بێخوێنەکەت ..

بەڵام چیبکەم..؟

منێك تەنیا ..

نە وڵاتی شێتەکان و

نە وڵاتی پیاوە ماقوڵەکانیش وەك عاشقێکی

سەرشێت رامدەگرن..

روو لە کوێ کەم ..؟

بێتۆ چیبکەم ..؟

خوا لە تەنیایی خۆیا قسەی لەگەڵ مووسا دەکرد ..

من لەگەڵ کێ..؟

مەلی تەنیاش ..

بۆ درەختێ دەخوێنێ ..

من بۆ کێ ..؟

شەقامەکانیش مەستە دڵا پەستەکانی درەنگی شەو دەگرنە ئامێز .. من کێ ..؟ خەیام پیاڵەی مەی دەدواند .. من کێ بدوێنم ..؟ ئاسمانیش دڵی بە ئەستێرەکانی خۆشە .. من بە کێ دڵا خۆش کەم..؟

ئەی لەجێی گشت کەسم .. ئەمشەو من بەقەد هەموو بێکەسەکانی ئەم دونیایە بێکەسم .. خۆت وتت:

"من لە زمانی ئاڵۆز و گرێ دراوت تێدەگەم !"

ئەی بۆ تێم ناگەی..؟ وەر ئەمشەو چیم لێدەکەی.. وەرە وەکو پیرەدایکێکی کلۆڵا هەتیوەکەی دەگرێتە خۆی .. بمگرە خۆت .. وەرە وەك بای سەرشێت کە گەڵای سیس و مردوو دەخاتە سەما و سەرشێتی: هەڵمگرە .. گرنگ نییە دونیا کۆتایی بە سەهۆڵا دێ یان ئاگر ..؟ گرنگ ئەوەیە: خۆشت دەوێم یان نا..؟ ئەوەیە سەرەتا و کۆتایی من .. بەهەشت و دۆزەخ .. حەز و حەسرەت ..!

ئەمشەو نوێژێکی زۆر بۆ عومری درێژت دەکەم .. ئەمشەو دەخۆمەوە و .. دەخۆمەوە و دەخۆمەوە ..

من پێم ووتی .. بۆ باوەڕ ناکەی ..؟

من ئەو دەریایەم هەموو کەشتییە شکاوەکان لە باوەش دەگرم .. من ئەو درەختەم چوار وەرزی

سالاَ، گەلاَ بە خۆمەوە نابینم .. من ئەو هاوینەم گەر فێنك نەبم .. نەفرەتم لێ دەکرێ ..

تۆ منت خۆش ناوێ .. کچی کافر ..

منیش وەك جنۆکە و خێو و دێو لێت ناگەڕێم ..

هەموو شەوێ دێمە خەونت .. خۆشت بوێم ..

لەبەر ئەوەی تەنیا تۆ منت خۆش ویستووە ..

خۆش ویستووە ....

ویستووە ..

زستانی /1979

سلێمانی